# سەیدسادق بۆچی ڕاپەڕی؟

✍️ هادی کوڵکنیی

لێرەدا نامەوێ باس لە قوربانیدان و سەروەرییەکان و ڕابوردووی پڕ لە مەردایەتیی سەیدسادقییەکان بکەم، بەڵکوو دەمەوێت باس لەو دەرگا داخراوانەی سەر ئەم شارە بکەم، کە هەر لە سەردەمی ڕژێمی خوێنڕێژی بەعسەوە تاکوو ڕۆژی بەرخودانی دانیشتووان و گەنجانی شار، کە لە (٢٠١٤/١/٢)دا هاتنە سەر شەقام و داخوازییە ڕەواکانیان بە گوێی تەواوی بەرپرسان گەیاند.



هەڵبەت سەیدسادقییەکان هەر لە ساڵی (١٩٨٧)وە هەستیان بە مەزووڵومیەتی خۆیان کرد، کە ڕاپەڕین و دواتر خاپوورکردنی شاری لە ساڵی (١٩٨٨)دا بەدوادا هات. تا ئێرە کەمتر ئازاربەخش بوو بۆ سەیدسادقییەکان، چونکە ئەو ڕژێمە دووژمن بوو و هەر ئەوەیشی لێ چاوەڕوان دەکرا.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) و پاش ئاوەدانکردنەوەی لەسەر دەستی خەڵکە هەژارەکەی و دوور لە دەستی هاوکاریی حکومەت، ئەم شارەیش وەك هەر شار و شارۆچکەیەکی تری ئەم هەرێمە، لە چاوەڕوانیی بەرنامەی ئاوەدانیی حکومەتدا بوو، تا وەك پاداشتێکی ئاوارەیی و ماڵوێرانی، بە جوانترین دیزاین شار ئاوەدان بکاتەوە و بۆ دونیای نیشان بدات و بڵێت: ئەوان وێرانیان کرد و ئێمە پاداشتمان کردن. بەڵام بەداخەوە جارێکی تر سەیدسادق کرایە (ئەمامی) بەرەی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، کوشتن و خاپوور کردن بە جۆرێکی تر و دەربەدەریی خەڵکەکەی، کرایەوە بە دیاری بۆ دانیشتووانەکەی. تا دوای نەمانی بەرژەوەندیی حیزبە بەشەڕهاتووەکان لە شەڕدا و هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی کوردستان، کە بۆ زۆرێك لە شارەکان بووە خۆشبەختی، بەداخەوە بۆ سەیدسادق جۆرێکی تر لە درووشمی (نا بۆ خزمەتگوزاری و بەڵێ بۆ یەکتر ناشیرین کردن) لە نێوان حیزبی براوەی شارەوانی و حیزبی حکومڕاندا بەرزکرایەوە. تا ڕۆژی ڕاپەڕینە خۆڕسکەکەی سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)، پشتگوێ خستن و کەمیی خزمەتگوزاری بەردەوامیی هەبوو، ئەمەیش وای کرد کە سەیدسادقییەکان هەست بە کەم سەیرکردن و پەراوێزخستن و نەبوونی خزمەتگوزاری بکەن، لێرەدا بە دەنگێکی بڵند بڵێن (stop ) بوەستن لە م کارانەتان، ئێمەیش خزمەتگوزاری و بەرپرسی دڵسۆز و وەك هاونیشتمانی سەیرکردنمان و شارێکی جوانی پڕ خزمەتگوزاریمان دەوێت. شوێنی کار بۆ بێکارانی شار و زانکۆ و پەیمانگا بۆ قوتابیان و نەخۆشخانەی

سەردەمییانە و پارك و باخچەی ساوایان... هتد، لەم شارەدا بە سەرەتاییترین مافی خۆمان دەزانین. بەڵام ئەسەف بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە سەرەتاییانەی، هێزە ئەمنییەکان بە گوللـە و زیندانی کردن وەڵامی گەنجان و خەڵکی شاریان دایەوە و لە ئەنجامدا بریندارێکی زۆر و شەهیدبوونی گەنجێکی شاری لێکەوتەوە، هەموو تاوانەکەیشی هەڵگرتنی لافیتەیەکی سپی بوو کە لێی نووسرابوو (کوا زانکۆ و پەیمانگاکەمان).

دوای ساڵێك لە ڕژانە سەر شەقامی خوێنی شەهید بڕیار و خەڵکی شار، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە، بۆ ئارامیی ڕۆحی شەهید و سوکنایی بەخشین بە دڵی سەیدسادقییەکان، تەقەکەران و بکەری شەهیدکردنی شەهید بڕیار، بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکەن و لە دادگاییەکی بێلایەنانەدا، دادگایی بکرێن و بە سزای خۆیان بگەیەن، تەواوی داخوازییەکانی خۆپشاندەران جێبەجێ بکرێن، کە بە یاداشت و وەفد دراوە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و هەندێك لایەنی پەیوەندیدار، دوای بە ڕەوا بینینی داخوازییەکان و بڕیاری جێبەجێ کردنیان، هێشتایش بەڵێنی سەر کاغەزن و هیچی تر. ئەگەرنا دوور نییە سەیدسادق جارێکی تر بڕژێتەوە سەر شەقام و ئەوکات هیچ جۆرە بەڵێنێك نایان وەستێنێت.